# ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

ڕۆژانی 28و 2006 /9/29 مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق بەئامادەبوونی زۆرینـەی ئەنـدامانی مەکتـەبی سیاسـی و بـە میوانـداری هاورێیانیك لە کۆمیتەی ناوەندی، کۆبوونەوەی دەوریی خۆی بەست. لەم کۆبوونەوەیەدا مەکتەبی سیاسی ویرای پیداچوونەوە بەسـەر لایەنـەکانی کـارو هەلـسوورانی حیزب لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاپۆرتانەی کەلەلایەن ئۆرگانەکانی حیزبەوە خرابوونە بەردەست، کۆمەلە باسیکی سیاسی تری تاوتوی کرد که گرنگترینیان بریتی بوو لە:

- دوا گۆرانکاریەکانی بارودۆخی سیاسی عیراق و ڕۆلی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق
- بارودۆخ لە کوردستان و نەخشی حیزب لە سەرخستنی نارەزایەتی یەکانی جەماوەری خەلکی کوردستان.
- لەبارەی کۆنگرەی ئازادی عیراقەوە
- دانانی کەنالی ئاسمانی حیزب

لەپەیوەند بەبەندی بارودۆخی سیاسی عیراقەوە، کۆبوونەوەکە مەسەلەی هەلوەشانەوەی ئیئتلافاتی نیوان کیتلە قـەومی وئیـسلامیەیەکان ومایـە پـوچ دەرهـاتنی حکومەتی مالیکی کە ئەمریکا تەواوی توانای خۆی بۆ لەسەرپێراوەستانی خستبوەگەر، وەك خالیکی سەرەکی بۆ سەرهەلدانی چەند پیشهاتیکی نوی دەسنیشانکرد، لەوانە ڕۆچوونی کۆمەلگای عیراق بۆ نێو شەپۆلیکی تر لەتوندبوونەوە وفراوان بوونەوەی کاری تیرۆرو تەقاندنەوە و کوشتاری خەلکی مەدەنی و تیکـچوونی یـەکجاری باری ئەمنی و زیادبوونی خەتەری شەری قەومی بۆ نێو بارودۆخەکان، لەپال دریژەکیشانی شـەری تایەفەگـەری کەئیـستا لەجەرەیاندایـە. بەتایبـەتیش سـەرهەلدانی کیشەودەعوای نیوان شوڤینیزمی عەرەبی وئیسلامی و ناسیونالیزمی کورد کەلەم دوایانەدا لەپەیوەند بەکیشەی داگرتنی ئـالای عیراقـەوە، هاتـە کایـەوە و خـەلکی کوردستانی لەبەردەم هەرەشەو گورەشەی فاشیزمی عەرەبی وئیسلامی وژیر پینانی خواستی سـەربەخۆیی کوردسـتان دا ڕاگـرت. لەلایەکیتریـشەوە خـودی شکـستی ئەمریکا و حکومەتی مالیکی بۆ کۆنترۆلی بارودۆخەکان، بە پیویست داوای فیدرالیزمـەکردنی عیراقـی وەك ئاکامیـك لـەجیگیربوونی سیاسـەتی کۆنەپەرسـتانە و تەقسیماتی کۆمەلگا لەنیوان دەسەلاتی ناوچەیی دەستەوتاقمی چەکداری قەومی وئیسلامی و شەری نیوانیادا کردۆتە واقعیەتیکی بەرجەستە وهاوکاتیش ئیحتمـالی دەخالەتی دەولەتانی ناوچەکەی بۆسەر خەلکی عیراق هیناوەتە پیشەوە. هەموو ئەمانەش ڕاستی ودروستی لیکدانەوە سیاسیسیەکانی حیزبـی سـەبارەت بەجـەنگ وداگیرکاری ئەمریکاو سیناریۆیەك کەبەناوی ئازادسازی و دیموکراتی کردنی عیراقەوە خراوەتە ڕی، سەلماندووە. لەبەرامبەردا مەکتـەبی سیاسـی جاریکیتر تـەکیدی لەسەر توندکردنەوەی خەبات لەپیناو کۆتایی هینان بەداگیرکاری ئەمریکاو برینی دەستی ئیسلامی سیاسی و دەستەو تاقمی قەومی لەسەر ژیـانی خـەلکی عـیراق و هەولدان بۆ گیرانەوەی ئیرادەی خەلك تاوەك فاکتۆریکی بریاردەر داهاتوی کۆمەلگا لەدەست بگرن، کردەوە. لەمبارەشەوە کوبونەوەکە کۆنگرەی ئازادی عیراقـی وەك تەنها بەدیلیکی ڕادیکال و ئینسانی و جەماوەری خەلکی عیراق بۆ ڕزگاری لەبارودۆخەکانی ئیستا تەئکیدکردەوە و ڕایگەیانـد کـە حیزبـی کۆمۆنیـستی کریکـاریی عیراق بەتەواوی توانایەوە لەپشت ئەم بەدیلە ڕادەوەستی و بۆ بەسەرەنجام گەیاندنی بەرنامەو ئامانجەکانی هەموو هیزەکانی خۆی بۆ ئاراستەدەکات.

وەلەپەیوەند بەبارودۆخی کوردستانیشەوە، کۆبوونەوەکە، ویرای داکۆکیکردنی حیزب لە ئەمنیەت و ئارامی و خواستی سـەربەخۆیی کوردسـتان وئامـادەبوون بـۆ بەرپەچدانەوەی هەرجۆرە هەرەشەیەکی فاشیزمی عەرەبی و ئیسلامی بۆسەر خەلك، هاوکات تەئکیدی لەناوەرۆکی چەواشەکاری و دژی خەلکی ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد ودەسەلاتەکانیان سەبارەت بەکیشەی داگرتنی ئالای عیراق کردەوە و پێویستی هەولدان بۆ جیاکردنەوەی ریزی خـەباتی خـەلکی کوردسـتان لێـی وەك یـەکیك لەسیاسەتەکانی حیزب لەم دەورەیەدا پیداگری کردەوە. لەلایەکی تریشەوە، کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی خۆپیـشاندان و ئیعترازاتـەکانی ئـەم دواییانـەی شـارەکانی کوردستان کەبۆ خواستی کارەباو سوتەمەنی کەوتۆتەتەری وەك دەورەیـەکی تـازە لەخـەباتی خـەلکی کوردسـتان و فاسیلەگرتن لەدەسـەلاتی ناسیونالیزمی کـورد هەلسەنگاند و بەشداری و دەخالەتی ریکخستنەکانی حیزب تیایدا بەهەنگاویکی بەرزنرخاند و لەئاخریشدا لایەنەکانی سیاسەتیکی چالاکی کۆمۆنیـستی لەراسـتای سەرخستن و بەسەرەنجام گەیاندنی ئەم خەباتەی تاوتوێکرد.

وەلەبەندی کۆنگرەی ئازادی عیراقیشدا کۆبوونەوەکە ویرای بەرزنرخاندنی کارو چالاکیەیەکانی تائیستای کۆنگرەی ئـازادی عـیراق بـەدژی بارودۆخـەکانی ئیـستا، هاوکات جەختی لەسەر ئەو ڕەوشت و هەنگاوە عەمەلیانەکردەوە کە پیویستە کۆنگرەی ئازادی عیراق بەخیرایی بیگریتەبەر لەراستای بـوون بـەهیزیکی بـەکردەوەی ڕزگاری بەخش لەدلی بارودۆخەکانی ئیستای عیراقدا، لەمبارەشەوە گرنگی پەرەدان بەچەکدارکردنی کۆمەلانی خەلك و بەهیزکردنی هیزی ئـەمان لـەپیناو پاراسـتنی ئەمنیەت و ئارامی دانیشتوانی گەرەك وشارەکانی عیراق و گیرانەوەی مەدەنیەت بۆ کۆمەلگا وهـەروەها تـەواوکردنی هـەنگاوەکانی دامەزرانـدنی کـەنالی ئاسمـانی کونگرە، لەریزی پیشەوەی ئەرکەکان و هەنگاوە سـەرەکیەیەکان تەئکیـدیان لەسـەر کرایـەوە و جـاریکیتریش کۆوونەوەکـە ڕاوەسـتانی حیزبـی لەپـشت سـەرکەوتنی کاروبارەکانی کۆنگرە ڕاگەیاندەوە.

لەبارەی بەندی دانانی کەنالی ئاسمانی حیزبەوە، کۆبوونەوەکە پیویستی دەستبردنی حیزبی بۆ دامەزراندنی کەنالیکی ئاسمـانی وەك ئـەرکیکی حـەیاتی لەراسـتای دەستراگەیشتنی حیزب و گەیاندنی سیاسەت و لیکدانەوە و ریگاچارەکانی خۆی بە ملیۆنەها کەس تەکیدکرەوە و ئاماژەی بەوەدا کەهیچ هیزیکی سیاسی وجدی گـەر بیەویت دەخالەتی چالاکانە لەدنیای ئەمرۆدا بەریوە بەری و کاریگەری خۆی لەسـەر وەزعیەتـەکانی کۆمـەلگا بـەجی بهیلیـت بـەبی لەدەسـت دابـوونی کـەنالیکی تەلەفزیۆنی هەولەکانی بەجیگایەکی دلخواز ناگات.. لەم بارەوە مەکتەبی سیاسی سەرخەتی هـەنگاوەکان بـۆ ئامادەکـاری پیداویستیەیەکانی دامەزرانـدنی کـەنالی ئاسامانی تەئید کرد و زەمان بەندیەیەکی بۆدانا.

کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی پاش ئەوەی کەچەندین بریاری لەراستای ئامادەکردنی حیزب بۆ بردنەپیشەوەی سیاسەتەکانی خۆی پەسەندکردو هەروەها دوای ئەوەی بەتیکرای دەنگ هاوری ئەمجەد غەفووری بەسەرۆکی مەکتەبی سیاسی و هاورێیان، ئازاد ئەحمەد، فالح مەگتوف، سـامی حـسن، زمنـاکۆ عزیـز، سـەمیر عـادل وەك دەستەی کارگیری هەلبژاردەوە، سەرکەوتوانە کۆتایی بەکارەکانی خوی هینا.

**مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عێراق**
2006/10/1